# "کەواتە تۆ کوردستانیت؟"

**مەهاباد کوردی**

هەتا ئێستا چوار جار بە سەردانی تایبەتی چوومەتە مەغریب. لە سەرەتای نەوەدەکاندا، ڕێکتر ناوەڕاستی 1993، کە جاری یەکەم چوومە وڵاتی مەغریب، خەڵکی ئەو وڵاتە بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا، باسیان لە خۆشەویستیی خۆیان بۆ عێراق و سەددامەکەی دەکرد. لە هەندێ جێگادا وێنەی دیکتاتۆری عێراقیان دەفرۆشت. من بە چاوی خۆم کارێکی وەهام بینی. بەڵام ئەگەر هەستی نەتەوەیی مەغریبییەکان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو وڵاتانە بەراورد بکرێ، کە گوایا ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب پێکدێنن، دیارە چ گومان لەوەدا نامێنێ کە خەڵکی مەغریب، ڕاددەیەکی کەمی لێ دەربچێ، زۆرینەیان ئەوەندە پابەندی (عروبە) و (نیشتمانی عەرەب) و (بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی عەرەب) نین. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ دانیشتوانی دێرین و ڕەسەنی مەغریب و جەزایر و لیبیا و تونس و بەشێکی باش لە مۆریتانیاش، (بەربەر) یان وەک خۆیان بە خۆیان دەڵێن (ئەمازیغ)ن و، زمان و داب و نەریت و جل و بەرگ و شێوەی ژیان و، بە کورتییەکەی ئەوان و عەرەب زۆر جیاوازی بەرچاویان هەیە. هەروەها هەر لەم دەڤەرەدا چەندین گەل و نەتەوەی جیا جیای ئەفریقایی هەن کە نە دەچنەوە سەر عەرەب و نە خۆشیان بە عەرەب دەزانن. بەرچاوترینی ئەوان خەڵکی (بیابانی ڕۆژئاوا)ن کە بە ئاشکرا و بوێرانە داوای جیابوونەوە لە مەغریب دەکەن و، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆشیان ڕاگەیاندووە و، بەلانی کەمیشەوە بیست دەوڵەتێک بە فەرمی ناسیونی. بێجگە لە (سەحراوییەکان)ی بیابانی ڕۆژئاوا، گەلێکی دیکەی پەرش و بڵاو هەیە کە ڕۆڵەکانی لەنێو خاکی نۆ دەوڵەتی دەسەڵاتداردا ژیان بەسەر دەبەن و، ناویشیان (تەواریق)ە. ئەم هۆکارانە و گەلێ هۆکاری دیکەش وامان لێ دەکەن کە بڵێین: ناساندنی ئەم ناوچە و دەڤەرانە بە (المغرب العربی) لە درۆیەکی گەورە زیاتر شتێکی تری لێ شین نابێت! دیارە ڕاستییە دیرۆکی و جوگرافی و مرۆیی و کولتوورییەکان سەنگی مەحەکی ئەم بۆچوونەن.

لە مەغریب، بۆ نموونە 10 ساڵ بەر لە هەنووکە، خەڵکە ڕەشۆکییەکەی ئەو وڵاتە نە کوردیان دەناسی و نە دەشیانزانی کوردستان لە کوێ هەڵکەوتووە. تاکە سەرچاوەی زانیارییەکانی هاووڵاتییانیش دەزگای ڕاگەیاندنی دەوڵەتە، کە شەو و ڕۆژ و ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بە بەژن و باڵای پاشای گەنجدا هەڵدەدات و، سەردەمی ئەو پاشایەش(محەمەدی شەشەم) بە سەردەمی نوێ (العهد الجدید) ناو دەبات. تەنیا دوای گۆڕانکارییە مەزن و بەرچاوەکانی دنیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لە وڵاتی مەغریبیش هەر وەک شوێنەکانی تر، ناوی کورد هاتە ناو ناوان و، ئینجا وردە وردە زاراوەی (کوردستان العراق) لەسەر ڕووپەلی ڕۆژنامەکان جێی زاراوەی (شمال العراق)ی گرتەوە.

من پێموایە 3 هۆکاری سەرەکی و بنچینەیی بوون بە هۆی زیاتر ناساندنی کورد لای مەغریبییەکان و بگرە تەواوی دنیاش. ئەوەی تایبەت بێ بە مەغریب، من خۆم لە نزیکەوە هەستم بەم 3 شتە سەرەکییە کردووە و، زۆر جاریش لەگەڵ کەسانێکی مەغریبی لێیان دواوین. ئەم 3 هۆکارە سەرەکییەش ئەمانەن:

(1) ڕاپەڕینە مەزن و پیرۆزە جەماوەرییەکەی بەهاری 1991 لە باشووری کوردستان و ئەو کۆڕەوە مرۆییە کارەساتاوییەی کە بە دوایدا هات.

(2) ڕفاندنە جەردەییەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان – PKK لە 15-2- 1999.

(3) ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە 9ی نیسانی 2003 لەسەر دەستی هێزی مارینزی ئەمریکایی.

دەشێ هۆکاری تریش هەبن، بەڵام بە بڕوای من ئەم سێیەیان ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە ناساندنی کورد و دۆزە ڕەواکەی بە کەسانێکی مەغریبی، کە بێگومان هێشتا ئەوەندە شت لەسەر کورد و کوردستان نازانن تا مرۆڤ دڵی پێیان خۆش بێ.

دوا سەردانم بۆ مەغریب لە 26-6-2004 بوو. لە سەرەتادا فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەی (دارولبەیزائی نێودەوڵەتی)، کە زێدەتر بە کازابلانکا( Casablanca) ناو دەبرێت، نیشتەوە. پاشان سەردانی چەند شار و دەڤەرێکی دیکەی وەک (ڕیبات، سلا، قونەیتەرە، تمارا، مەڕاکیش،..تاد)م کرد. ڕاستە مەغریب وڵاتێکی تۆریستی و گەشت و گوزارە، بەڵام دووچاری گەلێ تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆریش بۆتەوە: گەندەڵی ئیداری، بەرتیلخۆری، بێکاری و بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان کە بەرەو 30 ملیۆن دەچێت، باران نەبارین لە هەندێ ناوچەدا کە جاری وا بووە 3 ساڵ بارانیان بەخۆوە نەبینیوە، توندڕەویی ئیسلامی کە لەچاو وڵاتانی تر ئەم دیاردەیە لە مەغریب کەمتر دەبینرێت. سەرەڕای ئەمانە گشتیان مەغریب وڵاتێکی کراوە و میواندۆست و تا ڕاددەیەکی چاک تێکەڵ بە ئەورووپایە و، پەیوەندیشی دەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هەیە. دانیشتوانی مەغریب وێڕای هەموو کەماسییەکیش پابەند بە نیشتمان و داب و نەریت و فەرهەنگی خۆیانن و شانازیشیان پێوە دەکەن.

هەر جارێک کە چوومەتە مەغریب، وەک هەمیشە و بۆ هەر شوێنێکیش بچم، خۆم بە کورد و کوردستانی دەناسێنم. ئەوەی کە زیاتر ئەم جارەیان دڵی خۆش کردم، ڕستەی کرێکارێکی ڕووخۆشی بەر دەرکی سەرەکیی فڕۆکەخانەکە بوو. ئەو لاوە کارکەرە مەغریبییە زۆر بەڕێزەوە کە زانی من کوردم، دەستپێشکەری کرد و لێمی پرسی: "کەواتە تۆ کوردستانیت؟" ئەمە جاری یەکەمە لە کەسێکی مەغریبی وشەی (کوردستانی)م گوێ لێ بێت. شایانی باسە مەغریبییەکان خۆمانئاسا دەڵێن

(کوردستان). هەرچی عەرەبەکانی سوریا و لوبنان و هەندێ دەڤەری دیکەن، لە قسەکردن و هەروەها عەرەب لە نووسینیشدا (و)ەکە دەقرتێنن و دەنووسن (کردستان). من خۆم بە زمانی عەرەبیش هەر (کوردستان) دەنووسم. بە بڕوای کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزاش (کوردستان) ڕاستە نەک (کردستان).

لە سەردانی ئەم جارەمدا هەستم کرد کوردبوون لای مەغریبییەکان، وەک جاران، جۆرێک لە نامۆیی و نامۆبوون ناگەیەنێ و خەڵکیش، پاش دەرهێنانی مشکەکەی عۆجە بەو شێوەیەی کە بینیمان، باشتر ئاگاداری تاوانە زۆر و کارە دڕندەییەکانی بەعس و دیکتاتۆرەکەی بەغدان. تەنانەت یەک لە کچە ئەکتەرە تازە پێگەیشتووەکانی مەغریب کە خەڵکی شاری کازابلانکایە، بە شێوەیەکی گەلێ جوان و کۆمیدییانە چۆنیەتی گرتنی سەددامی وەسف کرد. ئەم جۆرە کارانە کە زۆر بە درەنگەوە ئەنجام دەدرێن، لێ لە هەمان کاتدا پەیامێکیان بۆ خەڵکی مەغریب پێیە: ئێمەی مەغریبی چمان لەسەر سەددامی دیکتاتۆر و ڕژێمەکەی نەدەزانی.

کورد و سەرکردایەتییەکەی، ئەگەر زیرەک بن؟، دەتوانن ڕەوشی ئێستای دنیا و عێراق و خودی کوردستانیش، بە شێوەیەکی چالاکانەتر و باشتر لە جاران لە پێناو بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورددا بقۆنەوە. ناساندنی کورد بە گەلانی جۆراوجۆری دنیا خۆی لە خۆیدا نزیکبوونەوەیە لە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

mehabadk@hotmail.com

ستۆکهۆڵم 17-8-2004